# لەگەڵ خوادا بۆ ناو کۆشکی سپی

د.هەژار مەعروف

ئەگەرچی هەمو سەرۆکەکانی ئەمەریکا باوەڕمەندی مەسیحی بوون بەڵام هیچکامیان وەک سەرۆک Bush لە مێژوی ئەمەریکادا ئەوەندەی ئەو وشەکانی ئینجیل و خودا و عیسا یان بەکارنەهێناوە، بوش وتار و خوتبەکانی بە( خودا بەردەوامبێت لە میهرەبانیی خۆی بەرانبەر ئەمەریکا) کۆتایی پێدێنێت.بوش هەتا 40 ساڵەی تەمەنی کێشەی مەشروبخۆریی هەبو، تا ڕۆژێکی 1984 کە لە Midland بە Arthur Blessit ی مەوعیزەگەری گەڕۆکی مەسیحی دەگات، ئەو پیاوەی کە بە خاچێکی 4 مەتریی تەختەی سەنگینەوە 50 000 کیلۆمەتر بە ناو شارودێهاتەکانی ئەمەریکا بە مەوعیزەکاری ڕێگای بڕی و بەمە لە ئەمەریکادا ناوبانگی دەرکرد. Arthur Blessit لە بوش دەپرسێت کە ئەگر ئێستا بمریت ئایا دەچیتە ئاسمان (بەهەشت) ، بوش بێدودڵی و دەمودەست دەڵێت نەء. Arthur Blessit کتێبۆکی (The New Life ) ی بە دیاری پێدەبەخشێت و لەگەڵیدا نوێژی ( لە گوناهەکانم پاکمکەرەوە، وەک ڕزگارکەرێک وەرە ژیانمەوە) دەخوێنێت و ئیتر بوش لەم ڕۆژەوە وازلە مەشروب دەهێنێت و ڕودەکاتە مەسیح و پەیوەندیەکی گەرم وگوڕ لە گەڵ مەسیحیە توندڕەوەکان دەبەستێت. Pat Robertsonی سەرۆکی ئەوسای ڕێکخراوی 2 ملیۆن ئەندامیی(christian coalition ) ی توندڕەو هاوخەباتیی دەکات تادەبێتە سەرۆک حوکومەتی ناوچەیی تەکساس . پێش هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی ئەمریکا وتبوی( ئا ،دەنگێکم هاتە گوێ ، بڕوام وایە کە خوا دەیەوێت من ببمە سەرۆک)، کەساڵی 2000 بە سەرۆک هەڵبژێردرا وتی( تەنیا هۆیەک کەمن ئێستا لە بارێکی تەکساس نیم و لە بری ئەوە لە (ماڵی سپی ) دانیشتوم ئەوەیە کە من ئیمان وبڕوا و یەزدانم دۆزیەوە). بە هەڵبژاردنی بوش ڕۆحێکی نوێ دەچێتە ناو (ماڵی سپی )یەو، ژنە ڕۆژنامەنوس Peggy Noonan زۆر بە جیدییەوە ئامۆژگاریی بوشی تازە سەرۆک دەکات کە (ماڵی سپی ) لە وردە شەیتانەکانی سەردەمی سەرۆکی بێڕەوشتی پێشو کلینتۆن پاکوخاوێن بکاتەوە! ئیتر لەوە بەدوا شوێنی کاری سەرۆک لە وشکە مەسیحی جمەیدێت.ئەو دوکتۆرەی کە بوش دەیکات بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی دەواودەرمان، دوکتۆری نەخۆشی ژنانە David Hager بۆ سەرئێشەو ئێشی خوێنی مانگانەی ژنان ئامۆژگاریان دەکات کە نوێژ بکەن و ئینجیل بخوێننەوە!بوش گەلێک حەزی لە کتێبەکانی ناودارترین مەوعیزەگەرای ئەمریکی ( Rick Warren) ە کە 18 ملیۆن دانە لە کتێبەکانی فرۆشراوە و ناوبەناو بوش بانگێشتنی خواردنی دەکات. ( Rick Warren) دەڵێت ( لە دوای 11 ی سەپتەمبەرەوە ئەمریکیەکان زۆر ڕویانکردۆتە ڕۆحیات و ڕۆحگەرایی . ماتریالیزم و کۆمۆنیزم و ئازادیی سێکسی و هەمویمان تاقیکردەوە، هیچیان سودی نەبو، وەڕسبوون لە هەموی هاتە ئاراوە.داهێنەرو حیکمەت و ئامانجی ژیان خوایە و بەس). 76 % ی باوەڕدارانی مەسیحی ئەمریکی بڕوایان بە قسەکانی Price Frederich K.C. هەیە، ئەو پیاوە ڕەشپێستە زەبەلاحەی خۆیکردوە بە

قەشەو مەوعیزەچی و هەمو یەکشەمەیەک  لە ڕێی تەلەفیزۆن و ئینتەرنێتەوە دەنگی خۆی بە 33 ملیۆن ئەمریکی دەگەیەنێت. ئەم پیاوە دروستکەری ئەو  گەورەترین کلیسایە لە ئەمریکا کە جێی 11000 کەس دەگرێت و لە سەکۆکەیەوە ئاینی ڕاستەقینەی  نارەسمیی ئەمریکا کە ( پارە پەیدابکە) یە بە دەنگی بەرز و زوڵاڵ بڵاودەکاتەوە و ئامادەبوان پاش نوێژ و مەوعیزەکانی بە ترس و لەرزەوە چەکی دۆلاری بۆ ئیمزادەکەن، ئەویش لە بەرانبەردا لە ئاگری دۆزەخ دەیانپارێزێت! ئەو بە تورەییەوە کەف دەچەڕێنێ و  دەڵێت ( بەدی و خراپکاری هەمولایەکمانی گرتووە . مەترسیە شەیتانیەکان هەڕەشە لە هەمویەکێکمان دەکات) لە گوێگرانی باوەڕمەندەوە  بە منجە منجەوە Yes, Yes, Yes بەرزدەبێتەوە.نیوەی ئەمریکیەکان قەناعەتی تەواویان بەوە هەیە کە Messias ئەو کەسایەتییەی خوا لە تەورات دا پەیمان دەدات کە بینێرێتە خوارەوە و مرۆڤ لە هەموو گوناه و تاوانێک ئازاد و سەرفرازبکات، دەردەکەوێت و لە شەڕی کۆتایی دا لە دژی ئەهریمەن (شەیتان) وسوپاکانی لە (Armageddon)  کە لە تەورات دا هاتوە، سەردەکەوێت. زنجیرەچیرۆکە موچڕک و تەزوهێنەرەکانی ناو (Left Behind books ) ی   Jerry B.Jenkins   وHaye کە ئیلهام لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی تەورات و ئینجیل وەردەگرن و باسی ئەوبابەتانە دەکەن تائێستا 60 ملیۆن دانەیان لێ فرۆشراوە.لە 12 هەم کتێبی ئەو زنجیرە کتێبەدا(Glorius Appearing) عیسای مەسیح لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەر زەوی و جۆرە جیهادێک بەرپادەکات لە دژی هەموو کافرەکان، لەو جیهادەدا دەورێکی پەراوێزیش دەدرێت بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان!

Andrea  Lafferty سەرۆکی یەکێ لە ڕێکخراوە  گەورە توندڕەوە مەسیحیەکان دەڵێت گوایە لیبرالەکان شەڕێکی بێئامانی موقەدەسیان لە دژی مەسیحیەت بەرپاکردوە، ئەو گەلێک ڕقی لە Bill Clinton ی سەرۆکی پێشووە  و بە خراپترین درۆزنی مێژوی ئەمریکای دادەنێت.  خاتو Roberta Combs ی شوێنگرەوەی  Pat Robertson سەرۆکی ئێستای( christian coalition ) دەیەوێت پێش هەڵبژاردن بە Email زانیاری و ئاگاداری و   ڕاوێژ بۆ  70  ملیۆن ئەمریکی بنێرێت کە تێیدا گەلێک شتی باش لە سەر Bush دەوترێ و هیچی باش لەسەر John Kerry ناوترێت.ڕەخنەگرانی بوش ڕایان وایە کە بۆ دژایەتیی Kerry پەنا بۆ ئامرازودەستەواژە کرێش و ناپاکەکان دەبرێت. بوش لە هەڵبژاردنی پێشودا بە جیاوازیی 537 دەنگ بەسەر مونافیسەکەیدا سەرکەوت!ئەوان دەڵێن بوش خۆی بە نوێنەری خودا دەزانێت و ئەوەی کە دژی ئەوبێت ئیتر مۆری دژی خوابونی بە تەوێڵدا دەکوتن. مەسیحیە توندڕەوەکانی لایەنگرانی بوش ئەو زمانە سادەیە دەزانن کە لە جوتەدژەکان پێکهاتوە: باش یا خراپ، سپی یان ڕەش، ئا یان نا، وادیارە زۆر لە ئەمریکیەکان وەڵامی خێرا و سادەو بێ گرێ وگۆلیان دەوێت . مەسیحیە توندڕەوەکانی لایەنگرانی بوش کەمایەتین ، بەڵام کەمایەتیەکی هەراو هەڵلاکەر و دەنگبەرزی  نالێبوردەی وان کە دەنگی ئارام و نزم و لە سەرخۆی مەسیحیە ناوەند و ژیر و دڵفراوان و لێبوردەکان کپدەکەن . هەر لەبەر ئەمەشە کە فەیلەسوفانی ئاینی و قەشە ژیر و داناکان و بیریارانی میانەڕەوی ئەمریکی گەلێک دڵەڕاوکەو خەمی ئەوەیانە کە ئازادی و

دایەلۆگ و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و مافی کەسایەتی لە ئەمریکادا، بە گەورەکردنی ترس لە تێرۆر ، بکرێن بە قوربانیی بیانوی شەڕی تێرۆر ! و بەمە کولتوری شەڕ پەرە بسەنێت.

خوێنەری کوردی حەزلە زانین و زانست، ئەوەی خوێندتەوە کورتکراوەی ڕێپۆرتاجێکی دورودرێژی Michael Streck ی ڕۆژنامەنوسی ئەڵمانیی نوێنەری گۆڤاری گەلێک ناوداری (Stern) ی ئەڵمانیە، ، کە لە ژمارەی 37 ی 2004/9/2 بڵاوی کردۆتەوە ، دوای ئەوەی گەشتێکی دورودرێژی بە گەلێک شوێنی ئەمریکادا کردووە. لە گەڵ ڕێپۆرتاژەکەدا وێنەگری هاوڕێی Thomas Hegenbart گەلێک وێنەی سەیر و سەمەرەی لە سەرکار و ڕەفتاری مەسیحیە توندڕەوەکان بڵاوکردۆتەوە. بۆ نمونە ئاڵای ئەمریکاهەڵگران و تفەنگهەڵگران لە ناو کلیسادا! یان چۆن زەلامێکی مەسیحیی توندڕەوی سەر بە تیپە گەڕۆکەکانی ( Power Teams) ، کە پێشتر مەوادی بێهۆشکەری خواردوە ، لەکلیسادا لە پێش نوێژکەران کەڵەکە خشتی سوری ئاگراوی بە یەک بۆکس وردوخاش دەکات یان چۆن زەلامێکی تری بە هێندەی شوتی پیل و باڵ ئەستور ڕەکتەیەکی Baseball کە وەک پیلی شەیتان دەنوێنرێت بە یەک لادەست دەکات بە دوکەرتەوە و یان چۆن زرتەزەلامێکی تر تاوەی شت سورکردنەوە وەک کڵاوی مەکسیکی لولدەکات!ئەندامانی ئەم تیپانە بەم کارە پاڵەوانبازیانەیان دەیانەوێت باوەڕی باوەڕمەندان زیادبکەن و بێباوەڕانیش وەک سەرۆک بوش ی جاران بگێڕنەوە سەر ڕێی ڕاست! بەڕاستی من کە ئەم دیمەنانەم وێناند و وەک فلیمێکی زیندوو بە بەرچاومدا تێپەڕاندن هەستم دەکرد دەنوارمە کۆڕی دەروێشە عاجباتی و ترسناکەکانی لای خۆمان چۆن سەری ماردەخۆن و زرک وشیر دەکەن بەسەر و ورگی خۆیانداو ترس و لەرز دەخەنە دڵی تەماشاکەران.من کە ئەم ڕێپۆرتاجەم خوێندەوە لە خۆمم پرسی : ئینجا ئەگەر سەرۆک بوش هەر بەڕاستی بڕوای بەوە هەبێت ـ وەک چۆن لە تەورات و ئینجیل و دواتریش لە قورئاندا هاتوە کە قیامەت و دۆزەخ بۆ هەموو مرۆڤایەتی کە ئێستا پتر لە 6 ملیارد ئینسانە هەیە و دێت و دەیبینین ـ ئیتر دەبێت نرخی ژیانی پتر لە چەند هەزار سەربازی ئەمریکیی دۆزەخبۆداخراوی،کە زۆربەیان ڕەشپێستن، لە سێکوچکەی سوننیی بەغا و فلوجە و موسڵ ، چی بێت؟ من سەرنج دەدەم کە کوژرانی ڕۆژانەی سەربازانی ئەمریکی ـ بە پێچەوانەی کاتی شەڕی بەرەیی دژی سەددام ـ لەم دواییانەدا لە میدیکانی ئەمریکی و جیهانی بوە بە ڕۆتین و ئەوەندەش بەهەند ناگیرێت. ئەی دەبێت نرخی ژیانی ئینسانی غەیرەئەمریکی لای بوش و جێگرەکەی ( Cheney)کە لایەنگری ڕژێمی ڕاسیستی پێشوی دژی ڕەشپێستانی باشوری ئەفریقا بوو، چەندبێت؟

تۆ بڵێیت بوش بۆنمونە ئاگری شەڕی بێئامانی بۆمبی ئەتۆمی ـ کە لەڕوی تەکنیکیەوە ئەمریکا دەتوانێت هەڵیگیرسێنێت و ئەمریکا لە هیرۆشیما و ناگازاکی بەکاری هێنا ـ بە جۆرێک لەو دۆزەخە یان هەر بەخودی ئەودۆزەخە خۆی نەزانێت و بەهەڵگیرساندنی لە چەند شوێنێکی دونیا ـ بە ئەمرێکی خوایی وەک بانگەکەی خوا کە لەپڕ هاتە گوێی بۆ خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی لە ساڵی 2000 دا !! ـ وە بە شەڕێکی ئاوا دونیاگیر و بێئامانی

قیامەتیی تەوراتی و ئینجیلی بیەوێت کێشەکانی دونیا لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەر بکات و بەمەش ڕاستبونی ئەم کتێبانە بسەلمێنێت!! ؟ تۆبڵێیت ئوسامە بن لادن و تۆڕی تێرۆریستیی(القاعیدە) ی دونیاگیر لایەن و جەمسەرە توندڕەوە ئیسلامی و عەرەبیە بە دوومانا خۆکوژییەکەی!! ئەم وەهمە گەورە و ترسناکە نەبن ؟ بەڵام ئەمان ـ کە هێشتا بۆمبی ئەتۆمیان نیە!! ـ بە شەڕی سەرتاسەریی تێرۆریستیی لەسەر بناغەی دەقەکانی ناو قورئان، کەلەمیشدا چەمکەکانی قیامەت و دۆزەخ و دونیائاخر بە هەمان شێوە هاتون بەڵام بە زمانی عەرەبی؟ تەقینەوەکانی 11 ی سەپتەمبەر 2001 لە نیۆرک وهی 2004 ی ئیستگای سەرەکیی قیتاری مەدرید و دورگەی بالی و یەکی شوباتی 2004 ی هەولێر لەخۆیاندا جۆرە قیامەتێک بوون!! دەڵێن لە نێوان شێتی و ژیری دا دیوارێکی گەلێک تەنک هەیە! ئینجا تۆ بڵێی ئاین ـ هەر ئاینێک بێت ـ کاتێک ئەوەندە بە توندی و وشکی و یەک لایەنەو لە یەک ڕوانگەوە بڕوای پێکراو پیادەکرا، ئیتر مەسەلەکە لە پەیوەندیی بێوەی و ڕندو بەویقاری نێوان یەزدان و مرۆڤ دەر نەچێت و نەبێتە جۆرە شێتیەکی ـ بە ئینگلیزی( Delusion)بە ئەڵمانی(Whan ) بە عەرەبی الوهم ـ مەترسیداری هەمووشتلێوەشاوە!؟ ئایا دەوری ئیسرائیل و زایۆنیستە توندڕەو و جولەکە ڕیشباریکە لە وەهمی تەورات نوقومبوەکان و لەخۆبایی بووەکانی (الشعب المختار) لە سیاسەتی ئەمریکی و لە م هاوکێشە ئالۆزە دا چیە؟ ئایا بوش و بن لادن، لیکۆدی ئارێل شارۆن و جیهاد و حەماسی فەلەستینی و حیزبوالله ی ئێران و حەسەن نەسروالڵەی شیعەی لوبنانی، کامیان دەسپێشخەر و هۆ و سەرەتا بوون؟ مامر لە هێلکەیە یان هێلکە لە مامر؟ هەرهەموویان مەترسی نین بۆ سەر پێکەوە ژیان و ئاشتیی جیهانی؟